# پەیوەندییە شاراوەکانی نێوان پۆڵ بریمەر و سەرکردە کوردەکان ئاشکرا دەکات

## نهێنییەکانی کوردستان لە زمانی (ویداد فرانسیس) ژنە عێراقییەکەی بریمەر

ئامادەکردنی هێمن باقر



"ئەوەی بریمەر باسی نەکردووە"، ناونیشانی نوێترین کتێبە لەسەر ژیانی بریمەرو بارودۆخی عێراق، لەو ماوە زەمەنییەی کە باڵیۆز بریمەر حاکمی مەدەنیی ئەمریکا بووە لە عێراق تا رۆژی رۆیشتنی.

ئەم کتێبە بەدواداچوونێکی رۆژنامەوانیی وردە لەسەر ژیانی بریمەرو هەڵوێستی بەرامبەر کەسایەتییەکانی ئەنجومەنی حوکمو کێشە هەستیارەکانی ناوخۆی عێراق، لەسەر زاری نزیکترین کەس لە بریمەرەوە کە خۆشەویستەکەیەتی، (ویداد فرانسیس) ئەو کچە ئاشوورییە ۳۵ساڵەیەی کە لە یەکەم رۆژی کارکردنییەوە لە کۆشك، بریمەر عاشقی بوو، دواتریش ناوی نا (بیتی)و کردی بە راوێژکاری تایبەتیی خۆی.

کتێبەکە لەلایەن رۆژنامەنووس (محەمەد ئەلعەرەب)ەوە نووسراوە، کە یەکێك بووە لە هاورێ نزیکەکانی (ویداد فرانسیس)، هەر

ئـەویش وەك هاورێیـەكی نزیـكو جێگـای متمانەی زۆربەی زانیارییەکانی پێداوە.
بەشێکی کتێبەکە تایبەتە بە چۆنێتی عاشـقبوونی بریمەر بەو خانمە عێراقییەو ئەو پارە زۆرەی کـە لـەبەر خاتری خێزانەکەی ئەو خەرجیکردووە.
بەشێکی گرنگی کتێبەکە، ئاشکراکردنی چـەند نهێنییەکە سەبارەت بە سەرکردەکانی عێراق لـە ئەنجومەنی حوکمو تێـرِوانینو مامەڵـەی بریمـەر لـەگەڵیانـدا کـە بـەهۆی ئـەوەی خـاتوو بیتـی بەبەردەوامی لـەگەڵ باڵیۆزدا بووەو بینیویـەتی، یاخود بـاڵیۆز خـۆی بـۆی گێراوەتـەوەو هـیچ شتێکی لـە خۆشەویستەکەی نەشاردووەتەوە.
ئێمە لـە خستنەرِووی ئەم کتێبـەدا، تـەنها ئـەو بەشەی وەردەگرین کـە راسـتەوخۆ پەیوەنـدیی هەیە بە نهێنیی سـەرکردە کوردییەکانـەوە لـە ئەنجومـەنی حـوکمو تێرِوانینـی بـاڵیۆز بریمـەر بۆیانو ئەو شتانەش کە خاتوونە عاشـقەکە بـە چاوی خۆی بینیویەتی.
بەر لـە هەموو شتیش، ئەوە گرنگە کە خوێنـەر بزانێت ئەم خانمە چۆن هەموو وردەکارییـەکانی ژیـانی خـۆی لـەلای (محەمـەد) درکانـدووە. (ویداد فرانسیس) ئینگلیزیزانێکی بـاش بـووە، هـەتا رووخـانی رژێـم کارمەنـدی بەشـی پرۆتۆکۆلاتی سیاسیی بووە،لە کۆشکی



**بارزانی متمانەی بەهیچ کەس نیە لەگەڵ عەللاوی مورتاحە و رقی لە عەبدولعەزیز حەکیم و موحسین عەبدولحەمیدو ئەحمەد چەلەبییە**

کۆمـاری لـەگـەڵ رووخـانی رژێـمو هـاتنی بریمـەردا، (٢٠)کـەس لەوانـەی پێشـتر لـە کۆشکدا کاریانکردووە، بانگکرانەوە بۆ ئەوەی وەك راوێـژکار لـەگـەڵ بریمـەر لـە کۆشـکی فەرمانرِەوایی هاوکاریی بکەن. یـەکێك لـەوانـە (ویداد فرانسیس) بـوو کـە لـە یەکـەم رۆژی کارکردنیدا، چووە دڵی بریمەرەوەو

**بریمەر حەزی لە دانوستان بووە لەگەڵ تاڵەبانیدا، چونکە لە هەمووبارێکدا براوەبووە لەگەڵیدا**

کرایە بەرپرسی کاروباری رۆژنامەوانیی بریمەرو تێکەڵاوی رۆژنامەنووسان بوو. یەکێك لـەوانە؛ (محەمەد ئەلعەرەب) نووسەری ئەم کتێبە بـوو، کە توانی بەزوویی ببێتە هاوەڵی نزیکی (ویـداد فرانسیس)، ئەوەش وەکـو خـۆی باسـیدەکات بـەهۆی شـارەزایی زۆری لـە بورجـەکانو خوێندنـەوەی ئاینـدەوە بـۆ (ویـداد) کـە بـۆ عاشـقێکی وەك ئـەو گـرنگ بـوو کـە داخـۆ ئایندەی خۆشەویستییەکەی لـەگەڵ بریمەردا بە چی دەگات.





## بەبڕوای بریمەر د. بەرهەم ئایندەی سیاسی کوردستانە و زۆر سەرسام بووە پێی هیواداربووە رۆژێك بێت ببێتە سەرۆك وەزیری عێراق

بەر لەوەی بچینە ناو بابەتە سەرەکییەکەی خۆمانەوە، گرنگە ئەوە لەیاد نەکەین کە بریمەرو ویداد بەیەکگەیشتن. لە دوارۆژی فەرمانڕەوایی خۆیدا، ویدادی مارەکردو لە یەکێك لە دوورگەکانی کەنەدا کۆشکێکی گەورەی بۆ کڕی‌و بۆ خۆیشی کۆمپانیایەکی گەورەی گەشتوگوزاریی دروستکردو ویدادی کردە بەڕێوەبەری، بەهەمانشێوەش خێزانەکەی (ویداد)ی گواستەوە بۆ وڵاتی کەنەدا.

کەس باوەڕناکات باڵیۆز بریمەر کە لە رووی سیاسییەکانی عێراقدا بە کەڵلەڕەق ناسراوە، لەژێر کاریگەری سۆزداریی کچێکی ٣٥ ساڵەدا بووبێت.

بیتی بەئاشکرا وتوویەتی کە لە توانایدا هەیە کاریگەریی لەسەر بڕیاری سیاسیی بریمەر هەبێت، بۆ نموونە؛ عەقیلە هاشمی بە پێشنیاری بیتی بوویە ئەندامی ئەنجومەنی حوکم.

هەربۆیە بەپێی گێڕانەوەکانی خۆی لەلایەن زۆرێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی حوکمەوە، دیاریی گەورەو گرانبەهای پێشکەشکراوە بە مەبەستی نزیکبوونەوە لە بریمەرو رازیکردنی، بە نموونە بیتی باس لەوە دەکات کە لەلایەن تاڵەبانی سەرۆك کۆماری ئێستاو ئەندامی ئەنجومەنی حوکمی پێشوو، خانوویەکی بە دیاری پێدراوە کە رووبەرەکەی ٤٠٠ مەتر چوارگۆشەیە لە شاری سلێمانی.

هەروەها لەلایەن مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و ئەندامی ئەنجومەنی حوکمی پێشوو، ١٠٠٠ مەتر چوارگۆشەی بە دیاری پێبەخشراوە.

هەروەها لەلایەن د. مەحمود عوسمانەوە سەیارەیەکی مارسیدسی مۆدێل (٢٠٠٢)ی بە دیاری پێشکەش کراوە .

ئەمە جگە لەو دیارییانەی کە لەلایەن هەریەك لە (فوئاد مەعسوم، بەرهەم سالح، نەسرین بەرواری، جوان فوئاد مەعسوم، هۆشیار زێباری‌و بەختیار ئەمین) پێبەخشراوەو بەهاکانیان دیارینەکراوە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم‌و گەورە بەرپرسانی دیکەوە، دیاریی جۆراوجۆری پێدراوە. هەروەك ژمارەیەکیشی رەتکردووەتەوە لە باکوورو ناوەڕاست‌و باشووری وڵات لەبەر هۆکاری ئەمنیی‌و پاراستنی ژیانی خۆی.

**بیتی‌و سەردانی بۆ کوردستان**

لە ساڵی ٢٠٠٤دا، بیتی هاوڕێیەتی بریمەر دەکات بۆ کوردستان، بۆ بەشداریکردن لە مەراسیمی یادکردنەوەی کیمیابارانی هەڵەبجە کە لەلایەن سەرکردە کوردەکانەوە رێکخرابوو. بیتی لەم سەردانەدا سەرۆکایەتیی ئەو وەفدە رۆژنامەنووسییە دەکات کە ژمارەیان ٤٥ کەسەو لە بەغداوە بە فڕۆکەیەکی تایبەت هێنراون بۆ بەشداریکردن‌و رووماڵکردنی یادەکە.

دوای تەواوبوونی مەراسیمەکە، وەفدە رۆژنامەنووسییەکە بەهەمان فڕۆکە دەگەڕێنەوە بۆ بەغداد، بەبێ ئەوەی بیتی لەگەڵیاندا بگەڕێتەوە، بەڵکو بیتی هاوڕێیەتی بریمەر دەکات لەو میواندارییە سێ رۆژییەی لە شاری سلێمانی مام جەلال بۆ باڵیۆزی ئەمریکای رێکخست.

بیتی دەگێڕێتەوە کە بریمەر پێیوتووە باکووری عێراق لە جوانترینی ئەو شوێنانەیە کە لە ژیانیدا بینیویەتی، بۆیە دەیەوێت بکەوێتە دەستێکی ئەمین کە کەڵکەڵەی جیاخوازیی لە مێشکیدا نەبێت.

لە ماوەی ئەو سێ رۆژەی لە میوانداری تاڵەبانیدا بوون، بریمەر لە پەیوەندییەکی بەردەوامدا بوو لەگەڵ مەسعود بارزانی، چونکە بە وتەی بیتی، بەلای بریمەرەوە بارزانی کلیلی کوردە، بە لەبەرچاوگرتنی مام جەلال وەکو سەرکردەیەکی سیاسیی کوردو خۆشەویست لەلایەن هەموانەوە.

بەڵام بارزانی پشتئەستوورە بە بیری شۆڕشگێڕانەی خێزانەکەی‌و لە تێڕوانینی بریمەریشدا نزیکترە لە تاڵەبانی لە هێزە ئیسلامییە کوردییەکانەوە. ئەو رۆژە بریمەر بیتی ئاگاداردەکات کە بانگهێشتی ئێوارەخوانێکی گەورە کراون لە ماڵی مەسعود بارزانی کە تیایدا گۆشتی ئاسك‌و هەندێك خواردنی فۆلکلۆری کوردی ئامادەکراوە لەگەڵ ماستی هەولێر، بیتی لەگەڵ ناوهێنانی ماستی هەولێردا، نوکتەیەکی تاڵەبانی بیردەکەوتەوە کە زۆر جار بە ئەندامانی ئەنجومەنی حوکمی دەوت "ئێمە بیر لە جیابوونەوە ناکەینەوە، چونکە ناوەڕاست‌و باشووری عێراق بازاڕێکی گەورەیە بۆ فرۆشتنی ماستی هەولێر". لەدوای



**بریمەر متمانەی بە سەلاحەددین محەمەد بەهائەدین نەبووە ، بەڵام وەکو سەرکردەی شەقامی ئیسلامی کوردی سەیری کردووە، خاوەنی فیراسەتێکی ترسناکە**

خواردنی نانی ئێوارەو ماستی هەولێر، کۆبوونەوەیەکی داخراوو نهێنیی ئەنجامدرا لەنێوان بریمەرو بارزانیدا کە هیچ کەسێك ئامادەنەبوو تیایدا، جگە لە کەسێکی یەهوودی، هەڵگری بڕوانامەی ئەمریکی بە ڕەگەز عێراقی کە ماوەی دە ساڵە لە باکووری عێراق دەژی بە ناوی (داود حلیان).

بیتی ئاماژە بەوە دەکات کە لە کاتی نانخواردندا لەو کەسە نزیکبووەتەوەو گفتوگۆ لەنێوانیاندا ڕوویداوەو ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو سەرمایەدارەو دەیەوێت گوندێکی گەشتیاریی گەورە لە باکووری عێراق دروستبکات، بیتی لەبارەی ئەو پیاوەوە دەڵێت "پیاوێکی زۆربلێی خۆبەزلزان بووەو موعجیبی من بوو وەکو ئافرەتێك"

بەهەرحاڵ بە وتەی بیتی، هیچ کەس نەیزانی لەو کۆبوونەوە سێقۆڵییەدا باسی چی کرا، هەرچەندە لەوبارەیەوە بیتی پرسیاری لە خۆشەویستەکەی (بریمەر) کرد، بەڵام بەپێچەوانەی جارەکانی ترەوە، بریمەر بابەتەکەی گۆڕی بۆ شتێکی تر.

بەمشێوەیە سەردانەکەیان لە کوردستان کۆتاییپێهات و گەڕانەوە بەغداد کە بەبڕوای بیتی ئامانجەکەی سیاسیی و بازرگانیی بوو.

**بریمەرو تێڕوانینی ڕاستەقینەی بۆ سەرکردەکانی کورد لە زمانی خاتوو بیتی-یەوە.**

بەشێکی گرنگی کتێبەکە، تایبەتە بە تێڕوانینو هەڵوێستی بریمەر بەرامبەر کەسایەتییە سیاسییو ئایینییەکانی سەر گۆڕەپانی عێراق کە لە زاری خاتوو بیتی-یەوە وەرگیراون. ئێمە لێرەدا تەنها ئەوانە هەڵدەبژێرن کە تایبەتە بە سەرکردە سیاسییە کوردەکان

**جەلال تاڵەبانی**

سیاسییەکی نەرمە، بریمەر حەزی بە دانوستان بووە لەگەڵیدا، چونکە براوە بوو لەگەڵیدا لە هەموو بارێکدا، بەلای بریمەرەوە ڕەگەزی خامۆشکردنی ئاڵۆزییەکانی ناو ئەنجومەنی حوکم بوو، هەمیشە نوکتە خۆشەکانی لە دڵیدا هەڵدەگرت. بەبڕوای بریمەر سیاسییەکی باشتربوو لە بارزانی کە خاوەنی توندڕەوییەکی نەتەوەیی بوو. سەرەڕای بەرگریکردنە هەمیشەییەکەی لە کوردو مافەکانی، بەڵام هەوڵی دەدا بۆ نزیککردنەوەی گۆشەنیگاکانو لەم ڕووەشەوە خاوەنی شارەزاییەکی سیاسییانەی بێهاوتایە. هەروەك ڕقی لە بەغدادو عێراق نەبوو. بەپێچەوانەی بارزانییەوە کە بە وتەی بریمەر زۆر ڕقی لە بەغداد بووە.

**مەسعود بارزانی**

سەرکردەی کوردەکانە، بەرگریکارێکی کوێرانەی بەرژەوەندییەکانی کوردەو پێیوایە کورد ڕەگەزێکی باڵایە لە سەرووی هەموو ڕەگەزەکانی ترەوە، لەبەرئەوە مافی هەموو شتێکیان هەیە زیاتر لەوانی تر، دەبێت زیاتر لەوانی دیکەش بەرن، چونکە گەورەترن یان باشترن لەوانو قوربانییان زیاترە لە قوربانیی ئەوانی تر، هاوپەیمانی سیاسییو سەربازیی ئەمریکایە، لە کاتێکدا لایەنەکانی تر بە تەنها هاوپەیمانی سیاسیی ئەمریکا بوونو لەم ڕووەوە هیچ لایەنێکیان بەهێندەی کوردیان بە ئەمریکا نەبەخشیوە، بارزانی متمانەی بە هیچ کەس نییە، ڕقی زۆری لە چەلەبیو عەبدولعەزیز ئەلحەکیمو موحسین عەبدولحەمیدو جەعفەری بووە، بەپێچەوانەشەوە زۆر بە عەلاوی مورتاحەو ڕێزی زۆری عەدنان پاچەچیو چادرچی دەگرێت.

بارزانی خاوەنی گەورەترین کۆمپانیای وەبەرهێنانە لە باکووری عێراق، بە شەریکی

**مەحمود عوسمان ، پیاوی سەر شاشەیە. بەهۆی زۆری ئارەزوویەوە بۆ دەرکەوتن لە کەناڵەکانی راگەیاندندا، جارێك بریمەر بەپێکەنینەوە پێیوت " پێشنیارت بۆ دەکەم لەدوای خانەنشینبوون ببیتە دەرهێنەری تەلەفزیۆنی"**



لەگەڵ کابرایەکی یەهوودی ئەمریکی بە رەگەز عێراقی بە ناوی داود حلیان.

بریمەر پێشبینی دەکر مەسعود بارزانی هەندێك بڕیاری سیاسیی توندڕەوانەی کوردی بدات لەدوای رۆیشتنی ئەو، کە بەبڕوای ئەو بەهۆی نەشکاندنی بڕیارەکانییەوە لەلایەن ئەوەوە لە کاتی مانەوەی ئەو لە عێراقدا ئەو کارەی نەکردووە.

**مەحمود عوسمان**

پیاوی سەر شاشەیە. بەهۆی زۆری ئارەزوویەوە بۆ دەرکەوتن لە کەناڵەکانی راگەیاندندا، جارێك بریمەر بەپێکەنینەوە پێیوت " پێشنیارت بۆ دەکەم لەدوای خانەنشینبوون ببیتە دەرهێنەری تەلەفزیۆنی". چەندینجار لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەردەکەوت بەبێ ئەوەی بزانێت چی لە دەوروبەریدا روودەدات. بەخۆشحاڵییەوە بانگهێشتی کەناڵە ئاسمانییەکانی قبوڵدەکردو بەهۆی لێدوانە ئاگرینەکانییەوە فزوڵیەتی رۆژنامەوانییانی پڕدەکردەوە.

جارێك بریمەر داوایلێکرد کە وازبهێنێت لە راگەیاندنی پرۆژەکان، پێش بڕیاردان لەسەری.

جارێك بریمەر لە بارەیەوە وتویەتی بەبڕوای من قسەکانی درێژکراوەی سروشتی قسەکانی تاڵەبانیو بارزانییە.

**سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین**

سەلەفییەکی توندڕەوە، لەگەڵ وەستانی جێبەجێکردنی (مع وقف التنفیذ). سەلاحەدین بەهائەدین سیاسییەکی ئیسلامییەو میتۆدێکی سەلەفی میانڕەوی هەیە، لە سۆفی گەرییەوە نزیکە، کەسێکی لێهاتووە لە بەکارهێنانی ئایندا بۆ سیاسەت، بریمەر متمانەی پێی نەبووە، بەڵام وەکو سەرکردەی شەقامی ئیسلامیی کوردی سەیریکردووە. کە لەتوانایدا هەیە رۆژێك لە رۆژان ببێتە سەرکردەیەکی ئیسلامیی سیاسیی دیار، لە موحسین عەبدولحەمیدوریاترە(دهاو) سەرەڕای لە یەکچوونی میتۆدی ئایینییان، بە بڕوای بریمەر خاوەنی ئایندەبینی (فراسەت)ێکی ترسناکە.

**بەرهەم ساڵح**

بەبڕوای بریمەر، بەرهەم ساڵح ئایندەی سیاسیی کوردستانە، بە هزرمەندێکی بەهێز وەسفیدەکات. بریمەر زۆر پێی سەرسامبووە، بە رادەیەك لەوبارەیەوە وتوویەتی "ئاواتەخوازم رۆژێك بێت، ببێتە سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ ئەوەی عێراقییەکان زیرەکیو لێهاتووی ئەم پیاوەیان بۆ دەربکەوێت، بەڵام بەبڕوای بریمەر خاڵی لاوازی ئەوەیە کە خاوەنی دەمارگیریی کوردانەیە.

